خوێنەری ئازیز...

ئەم بەرهەمە، سەرەتا بیرۆکەی چیرۆکێک بوو، دواتر هەستمکرد ئەوە زیاترە بە کورتە چیرۆکێک داکەوێت.. ساڵانێک پێوەی خەریکبووم تا ئەمەی بەردەستتی لێدەرچوو. هەموو ئەو ساڵانەم بۆ نووسینی تەرخان نەکردووە، بەڵکو ماوە ماوە گەڕاومەتەوە لای و، هەر جارە شتێکی کەم و، جاریش هەبوو هیچم بۆ لێنەنووسراوە... سەردەمی قاچاخییەکەی، کە زیاتر لە ٨ ساڵی خایاند، هەر ڕۆژەو خۆی لە کونێکدا دەشاردەوە.. لە ڕۆژانی زۆر تەنگانەشدا، دەبووە بەچکە پشیلەی چاو نەپشکتوو، دەخزێنرایە ئاگردانی گەرماوەوە.. کاتی ئازادبوونیشی، درەنگانێک گەڕامەوە لای.. بەهەرحاڵ ئورە بڕییەکی زۆری لێکرا تا ئەمەی ئێستای لێدەرچوو.. ساڵی ١٩٩٤ کە هێشتا نە خۆم و نە کەسێکی نزیکی واش خاوەن کۆمپیتەربوون کە تواناى ڕوو لێنانیم هەبێ، بۆیە چەند برادەرێکی ڕێکخراوی کوردس، کە ئەو کاتە نهۆمێکی ئەپارتمەنی ژووری بازرگانیان بەکرێگرتبوو، منیش خۆبەخشانە لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان دا کارمدەکرد، ئەو ڕێکخراوەی کە ئەوساو ئێستاش، بازرگانانی سلێمانی بەسوپاسەوە، وەک هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانە، بێبەرامبەر، لەوێ شوێنیان کردبۆوە. ئەو برادەرانەو چەند کەسێکی دی، بەڵێنی یارمەتیدانیان دام بۆ چاپکردنی.. هەرچۆنێک بوو، بە ئامێری کۆپیکردن (ئیستنساخ) سەد دانەیەکم لە یەک دوو بەشی کۆپیکرد. دواتر کە چوومە هۆڵندا، تاکە شەهیدی زیندووی ناو بەرهەمەکەم دییەوەو هەموو بەسەرهاتەکانی بۆ گێڕامەوە و بووە هەوێنی تەواوکردنی.. هەر بۆیەش ئەمە بەیەکەم چاپی بەرهەمەکە دادەنێم و نامەوی لەوە زیاتریش لەبارەیەوە بدوێم. بەو هیوایەی بەدڵتانبێت..

سالح

ئەڵمانیا ٢٠٠٨/٨/٢٧